

## تابلۆی نیو نیگا بۆ مەرگ

# ناشاد،
# تابلۆی نیو نیگا بۆ مەرگ،
# زۆر نیگا بۆ ژیان

سالار مەجید

دواهەمین پێشانگەی تایبەتی (ناشاد)ی هونەرمەند، وەک ڕێزلێنانێک بۆ هونەرمەندێکی بێنازی کوردستان، بنکەی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی گەلاوێژ بە سوپاسەوە ئەو پێشانگەیەی لە هۆڵی (تەوار)ی شاری سلێمانی ڕێکیخست بوو. کۆمەڵێک بەرهەمی جیاواز لە پێوانە، شێواز، بابەت و کەرەستەی بەکارهاتوو، کە پێکەوە تا ئەندازەیەکی زۆر، دیوێکی تری ژیانی ئەو مرۆڤە تەنیایەی بۆ ئاشکرا دەکردین. دەمەوێت بنووسم، وەک سادەیییەکەی ناشاد. نووسینێک، کە لە بەردەم هەناسە ساردەکانی و تێگەیشتنی ئەودا، خەجاڵەتم نەکات. بە گشتی بەرهەمەکانی ناو پێشانگەکە، ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆیانەی ژیانی ناشاد بوو. جیهانێکی تایبەت، کە پێویستە وەک خۆی تەماشا بکرێت، وەربگیرێت و دەسکاری هیچ ڕووبەڕوو، بارستە و گشت پێکهاتە هونەرییەکانی نەکرێت، وەک ئاناتۆمی، پریسپێکتیف کۆمپۆزیشن، تەکنۆلۆژیای تابلۆ و ... تاد. لەبەر ئەو هۆیەی، کە ناشاد ئەو هەموو ساڵانە، کە تێیدا بەردەوام بووە لە سەر نیگارکێشان. خۆڕسکییەکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و توانیویەتی ئەو هەستە بپارێزێت و لەو پێشانگەیەدا پێشکەشی

کردووە، کە بە دەسـکارییکردنی ئەو جیهانە، چەندە کەمیش بێت، ئەوا ئەو جیهانە تایبەتەی نامێنێتەوە.
بـۆ ئاوێتە بـوون بە جیهانی ناشـاد، پێویسـتمان بـە کردنەوەی پەنجەرەیەکـی ترە، لە سـەر جیهانـە ئێسـتەتیکییەکەی خۆمان. وەرگرتنـی ئاماژەکانی ئـەو جیهانەیە، کە وەک هەموو سـادەیییە جوانەکانی تری ژیان، فەرامۆشمان کردوون.
ئەو کەرەسـتانەی، کە بۆ تابلۆی پێشـانگەکەی بەکاری هێنابوون، پێکهاتبـوون لـە: ڕەنگـی ئەکریلیـک، ڕۆنی لەسـەر کانڤاس و لە هەندێکیشـیان لە سـەر تەختە و سفرەی نایلۆن، بابەتی تابلۆکانی تەماشـاکردنی ناشـاد بـوو بـۆ ژیانـی کۆمەڵایەتـی، ڕامیـاری و ڕەخنەگرتنێکی سادە، لەو سیستێم و پێکهاتانەی، کە ژیانی ئەوی تەنیووە.
سـەرجەم کارەکانی ناشـاد سـادەن لە ڕووی هونەرییەوە. سـادە وەک توانـج بەکارناهێنم، بەڵکو بە پێچەوانەوە، سـادەیییەک، کە تووشـی تێڕامـان و وردبوونەوەمان دەکات و گۆشـەنیگاکانی ئەو دەبینین. ئەو هەموو ماندووبوونە دەبینم، کە لە بەرجەسـتەکردنی شـێوەکاندا تا ئـەو ئەندازەیەی، کە توانای هەبووە، بەرجەسـتەی کـردوون. ئـەو هەمـوو وزەیـە هەسـتپێدەکەم، کە لـە ڕووح، لە جەسـتە لاواز و تەندرووستییە شێواوەکەیەوە، پەخش دەبێت. ئەو هەستی شادومانییە دەبینم، کە لەکاتی کێشانی تابلۆکاندا هەستی پێکـردووە. ئەو غەمە خۆڵەمێشـییە قووڵەش دەبینم، کە لە دوای تەواوبوونـی تابلۆکانـی و ڕۆژانی پێشـانگەکەی بـە زەردەخەنە و پێکەنینەکانییەوە لەوپەڕی ماتیدا دەدرەوشـانەوە، بە ڕوونیگەلێک پرسیاریان لا درووست دەکردم.
لە پشـت کارەکانی ئەو هونەرمەندەوە، دراما هەیە. ناشاد، وشەی هەیـە بـۆ گوتن. بە زمانی خۆی باسـی دراماکـەی دەکات، کە لە کاتـی دووانـی ئەودا، من پێویسـتیم بـە چاوداخسـتن و نەبینین هەبوو. بیسـتن تەنیا بیسـتن پێویسـتی من بوو بۆ گەیشـتن بە مانـاکان و چیرۆکی پشـت تابلۆکان، بەڵام لەناو ئـەو تابلۆیانەدا،

کە تێڕوانینی ناشادی پێشان دەدایەن بۆ دنیای دەرەوەی خۆی، بە هەمان سادەیی و خۆڕسکی، تابلۆیەک زۆر سەرنجی ڕاکێشام، لەو تابلۆیەدا هەستێک بۆ چەند ساتێک (ناشاد)ی وەستاندبوو بەرانبەر بە پرسە وجوودییەکان و پرسیارە ئەبەدییەکانی مرۆڤ لە بارەی مەرگ و ژیان.

لەو تابلۆیەدا، تەماشاکردنێکی غەمگین هەیە بۆ ژیانی تایبەتی هونەرمەندەکە، بۆ کێشمەکێشی ئەو لەگەڵ مەرگ. سەیر نییە مرۆڤێک بەو هەموو تەنیایی، غەم و برینداریییەوە، کە لە ناو تابلۆکەدا دەیبینین، غەمی نیشتمان، هەژاران، ئاوارە و بۆردوومانەکانی سەر سنووری هەبێت و لە مەرگ و ژیانی خۆی گەورەتر، وێنای بکات! سەیر نییە مرۆڤێک، کە نیشتمان جگە لە بەها ڕووحییەکان، تەنیا ژوورێکیشی بۆ خەون بینین پێنەبەخشی بێت، بەڵام ئەو هونەرمەندە ڕووبەرێکی گەورەتر لە ژیان و مەرگی خۆی ببەخشێت بە غەمەکانی نیشتمان!

## • تابلۆکەی ناشاد

پێوانەی تابلۆکە (٧٠×٥٠ سم)ە. کەرستەی بەکارهاتوو، ڕەنگی ئەکریلیکە لە سەر کانڤاس. شێوازی کارەکەش لە نێوان ڕیالیزم، ئێکسپرێشێنیزمدا دابەش بووە.

ساڵی بەرهەمهێنان، یان وردتر بنووسم، ڕۆژانی بەرهەمهێنانی تابلۆکە، ڕۆژانی دووچاربوونی ناشادە بە نەخۆشییەکی کوشندە، ئەو ساتانەیە، کە لە ژێر چاودێریی پزیشک و چارەسەری تیشکی دایە. شوێنی ڕاستەقینەی جوگرافی تابلۆکە ئەو ڕێگەیەیە، کە ناشاد پێیدا تێدەپەڕێت بۆ نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی، بە مەبەستی چارەسەر. هونەرمەندێکی تەنیا بە هەندێک تابلۆوە، کە بە دەستی ڕاستی هەڵی گرتوون و تابلۆکان ڕوو لە چاوی ئێمەی بینەرە. ئەوەی زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا لەو تابلۆ ناوازەیەدا، کەمی فیگەر، هەر بوونەوەر و کەمی هەموو شتێکە جگە لە تەنیایی و جووڵەیییەکی هونەرمەندی ناو تابلۆکەیە بەرەو دەرەوە و فەزای

دەرەوەی تابلۆکە. ئەگەر سەرنجی بەشی دواوەی تابلۆکە بدەین، دیمەنی گۆڕستانێک و چەند گۆڕێکی هەڵنەبەستراوە، لە نێوان هەنگاوی هونەرمەندەکەی ناو تابلۆکە و گۆڕستانەکە، ڕێگەیەک هەیە، کە بە چەند پەڕمووچێکی خێرا و بە ڕەنگی سپی، ئەو شوێن پەڕەمووچە خێرایانە لە هەناسەی ئەو دەشتە دەچێت، کە بە ڕەنگی ڕووناکییەکی بەهێزی هاوینە بەرجەستە کراون. هەمان ئەو ڕەنگەیە، کە لەگەڵ جووڵەی هونەرمەندەکەدا فەزای تابلۆکە دەجووڵێنێت. ئەوە هەناسەی دەشت و ڕێگەکەیە دەیەوێت لەسەر هونەرمەندەکە بنیشێت؟ یان هەناسەی هونەرمەندەکەیە، کە لە کراسەکەی ئازاد دەبێت و لەسەر دەشتەکە دەنیشێت. شێوەی ڕێگەیەکی پێچەوانە بە جووڵەی هونەرمەندەکە درووست دەکات. نیگای هونەرمەندەکە وانیشان دەدات، کە ئەوە ڕێگەیە، بەڵام ڕێگەی ئەم ساتەی ئەو نییە.

لە ڕووی دارشتنەوە، ئەو ڕێگەیە، نیگامان لە هونەرمەندەکەوە دەگوازێتەوە بۆ قووڵایی تابلۆکە، کە گۆڕستانەکەیە بە گۆڕە هەڵنەبەستراوەکانیەوە، کە دەکرێت ئەو جۆری گۆڕەهەڵنەبەستراوانەش، وەک ئاماژە و ئەنجامێکی بێئەملا و ئەولا و مەرگی هونەرمەندێکی تەنیا، تەنیا، نەخۆش و کەمدەرامەت بێت. تابلۆی ناو تابلۆکە، کە بە دەستی هونەرمەندەکەوەیە، هەمان پێکهاتەی ڕەنگی تابلۆ سەرەکییەکەی هەیە و بە ڕوونی وێنەی گوڵی سووری لە سەر کێشراوە. ڕەنگی گوڵەکان هەمان ڕەنگی پەڵە سوورەکانی سەر ڕووخساری هونەرمەندەکەی هەیە، کە ئەو لێکچوونە دژبەیەکە، لێکچوون وەک ڕەنگ، دژ وەک ئاماژە و مانا، ئەو هەستەم لەلا درووست دەکات، کە ناشاد بە زامەکانی ناو ڕووحیەوە، وێنەی دنیایەک دەکێشێت، کە خەون بە جوانکردنیەوە دەبینێت.

شێوازی وێنەکێشانی ئەو تابلۆیە و پەڕەمووچی خێرا بەکارهێنای ڕەنگ، وەک ڕەهەندە دەربڕینخوازییەکە، جوانییەکی دووبارەنەبووەوەی بەخشیووە بە تابلۆکە. جگە لە دەستی چەپی،

هەمــوو بەشــێکی تابلۆکــە، وەک ئەوەی، کــە ڕزگاری بوو بێت لە دەســت، پەنجە و خەیاڵێکی کۆتکــراو، ئازادبووە و ژیانی تایبەتی خۆی خووڵقاندووە. جوانییەک لە وێنەکێشانی پێلاوەکاندا دەبینم، کــە تــا ئەندازەیەکی زۆر خۆڕســکی و دەربڕینخــوازی تابلۆکەم لا ئاشــکرا دەکات. هەنــگاوی هونەرمەندەکە بەنــاو گوڵەکان، پووش و پەڵاشــدا، بــەو پــەڕی حورمەتــەوە نەخشــێنراوە، تەنیا چڵێک نەکەوتۆتە ژێر هەنگاوەکانی، بە جۆرێک وێنەکێشراوە، وەک ئەوەی هەنگاو و گوڵەکان پێکەوە بجووڵێن.

ئەم تابلۆیە تێپەڕینی هونەرمەندێکی تەنیایە بە چەند پەڵە ڕەنگێکی ســوورەوە لە ســەر ســیمای. تێپەڕبوونێکە لە نێوان بینینی ئێمە و گۆرســتانێک. زەوی ڕووناکە و ئاســۆی تابلۆکەش بە ڕەنگێکی جیــاواز، کە نیگامان لە ناو ئەو ســاتی تێپەڕینەدا دەوەســتێنێت، ساتێکی دڵتەزێنە بۆ من، ناتوانم وەک مرۆڤ تراژێدیای ژیانی (ڤان کــوخ) و (مودلیانی)م بیرنەکەوێتەوە. لە کۆتاییدا، وەک ســادەیی و ڕاستگۆییەکەی ناشاد ویستومە بنووسم، هیوادارم، کە توانیبێتم بە هەر ئەندازەیەک بێت خزمەتێکی ناشاد و ئەو تابلۆیەم کردبێت.

ناشــاد لە ســاڵی ١٩٥٤ لە شــاری ســلێمانی، لە گەڕەکی (کانی ئاسکان) لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەی سەرەتایی کانیســکان تەواو کردووە و بۆ ماوەی ساڵێکیش خوێندنی ناوەندی لە ناوەندی کاوە خوێندووە. مامۆســتای هونەری نەبووە و هونەری لــە خوێندنگەکانــدا نەخوێنــدووە، وەک خــۆی باســی دەکات ئەو کاتــەی هونەرمەندی کۆچکردوو (عەزیز ســەلیم)، لــە ئوتێلەکەی (تۆفیق قەزاز)، لە ســلێمانی ژیاوە، ناشــاد تەماشای دەستی ئەو هونەرمەنــدەی کردووە و زانیارییەکانی لە بارەی نیگارکێشــانەوە، لــەو هونەرمەنــدە وەرگرتوە. ناشــاد دەڵێــت: لە بەخشــندەییدا، کەســی وەک (عەزیز ســەلیم) کەم وێنەیە. هەر چییەکی بزانیبایە و پرســیارت لێبکردبایە، پێی دەبەخشــیت. ساڵی ١٩٧١ لە بنکەی (لاوانی دیموکراتی کوردســتان) لە (ئەســحابە ســپی) هونەرمەند (جەمال بەختیار)ی ناسیووە و هەر لەوێش دەستوپەنجە و خەیاڵی

ئەو هونەرمەندەش یارمەتیدەرێکی تری بووە.
ناشاد بەردەوام لەو ساڵانەوە وێنەی سەردیوار و وێنەی بەرجەستەی کێشاوە. ناشاد گوتی: هەرچەندە بەهۆی ئەو دەرزی، دەرمان و تیشکەوە بیرەوەریم خراپ بووە، بەڵام لە یادمە، کە یەکەم وێنەی سەر دیوارم لە سەر دیواریماڵەکەی خۆمان درووست کرد. باوکم وێنەکەی زۆر بەدڵ بوو و دەسخۆشیشی لێکردم. ئەو دوکانانەی، کە بازرگانییان بە کڕین و فرۆشتنی ئەو کارانەوە کردووە، کڕیاری تابلۆکانی ناشاد و چەند هونەرمەند و نیگارکێشێکی تریش بوون. دوکانەکانیان لە ناو بازاڕی (عەسری) بوو. بە درێژایی ئەو ساڵانە تا ئێستاش، خۆڕسکی لە کارەکانی ئەم هونەرمەندەدا پارێزراوە.
لە یەکێک لە ئێوارەی ڕۆژەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ ناشادم بینی، بە جلوبەرگە تایبەتەکەی و کاسکێتەکەیەوە، بە دەستوپەنجەی ڕەنگاوی و کۆمەڵە پەڕەمووچێکی ماندووی ناو توورەکەیەکی دڵخۆشەوە. دوای سڵاو، گوتی سەری ساڵە، پارەی باشم دەستکەوتووە، دەیبەم بۆ دایکم، پێی دەڵێم: فەرموو ئەمە لە سایەی ڕیشی بابا نۆئێلەوەیە، بە هەموو هێزمان پێکەنین. دواتر تا گیرفانی خۆم نیشان نەدا وازی نەدەهێنا، بە نیازی ئەوە بوو، ڕیشی بابا نۆئێل لەگەڵ منیشدا بەش بکات.